# سیاسەتی جوگرافیایی حکومەتی ئیسلامی ئێران بۆ دابەشکردنی کوردستانی رۆژهەلات

ن/ عەلی ئەکبەر مەجیدی

کوردستانی رۆژهەلات لە سەردەمی "حەمەڕەزاشا"دا تایبەت نەکرابوو بە یەك پارێزگا و 4 یان 5 شار. مەبەست ئەوە نیە کە لەو سەردەمەدا مافی کورد بە دانیشتوانی کوردستانی رۆژهەلات درابێت بەلکو ئەویش سیاسەتی جیاواز و سنورداریکی بۆ کوردستان دانابوو ، بۆ نموونە هەر لە لورستان و کرماشان و ئیلام و هەمەدان - ەوە بگرە هەتا سنە، ناوی نابوو "کرماشاهان". پاش دارمانی حەمەڕەزاشا، حکومەتی ئیسلامی لە ئێران دا سیاسەتی خۆی گۆڕی بەرامبەر بە کوردستان- واتە زیاتر لە سەردەمی پێشوی خۆی زەبر و زەختی لە سەر کوردستان دانا و بە چەند شێوەیەکی جیاواز سنورداری کرد و چوارچێوەی بۆ دانا کە لەو دۆخە زیاتر پەرەنەستێنێت، بۆ نموونە ئەو پارێزگایان کە باسمان کرد هەمووی پارێزگای کوردی و کوردنشین بوون. کرماشانی جیا کردەوە و کردی بە پارێزگایەك، هەمەدان و ئیلامی بە جیا جیا کرد بە پارێزگایەك، هەروەها سنە و 6 شاری دەوروبەری بە پارێزگایەك دانا، واتە کوردستانی رۆژهەلاتی تایبەت کرد بە سنە و تەنها 6 شاری کوردنشین. لە حالێکدا کرماشان شارێکی کوردی بوو بە 8 شاری دەروبەریەوە، هەمەدان شارێکی کۆنی کوردیەو ئێستاش نیوەی کوردن، ئیلام و شارەکانی دەڤەری کە کوردنیشنن دایناوە بە بەشێکی جیاواز. حکومەتی ئێران بەم سیاسەتە ویستی کوردستانی رۆژهەلات دابەش بکات بە چەند بەشەوە، هەروەها ئەو کارەشی کرد. ئەوەش دوو دۆخی سیاسی لە پشتەوە بوو:

- بەو کارە ویستی ناوی کوردستان لە ریزی پارێزگاکانی ئێران دا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت باشتر بە سەر کوردستانی رۆژهەلاتدا زاڵ بێت.

2- لە لایەکی ترەوە بەو کوردانەی کە هەموو شتێك لە ناودا دەبیننەوە بلێت ئاوەتا کوردستان شوێنێکە کە لە ئێران دا بوونی هەیە، لە حالێکدا کە کوردستانی رۆژهەلات تەنها سنە و چەند شارێکی تر نەبوو بەلکو کرماشان و ئیلام و هەمەدان و شارەکانی سەرەوە وەکو: مەهاباد و بۆکان و نەقەدە و شنۆ و سەردەشت و پیرانشار و مەیاندۆئاو و ... هتد بوون کە حکومەتی ئێران ویستی سنوردار بکات و کوردستانی رۆژهەلاتی تەنها لە چوارچێوەی پارێزگای "سنە" داینا، واتە لە 40 شاری کوردستانی رۆژهەلات تەنها (7) شاری بە کوردستان دادەنێت و ئەوانیتری لە کوردستانی رۆژهەلات جیا کردووەتەوە و بەرەو ناوەندگەراییەکی پان ئێرانیزمی دەبات و سیکۆلاری دەکاتەوە.

3- مەبەستێکی تری لەم سیاسەتی دابەشکردنە جیا لەوەی دەیەوێت کوردستانی رۆژهەلات گۆشەگیر بکات لە بواری جوگرافیایی و مافەکانیەوە هەروەها دەیەوێت کوردستان بە گشتی گرێدراوی خۆی بکات لە هەمان کاتیشدا هیچ مافێکی پێنەدات.

- بەم کارە دەیەوێت بە کوردەکان بلێت ئێوە ئیتر داوای ولاتێك بە ناو کوردستان مەکەن ئەوەتا شوێنەوارێکتان هەیە بە ناوی کوردستان. ناوی زل و دێی وێران. لەم چەند ساڵەدا

ئەو حکومەتە هەوڵی خۆیدا شارەکانی باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات له باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵات جیا بکاتەوە و دووریان بخاتەوە. ئەوەش بە چەند شێوەیەك: جیاوازی دانان لە نێوان شێعە و سوننەی کورد. جیاوازی خستن لە نێوان زاراوەی ناوچە کوردنیشنەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات. بارێکی تر کە کاریگەری لە سەر ڕق هەڵگرتنی کوردەکانی ناوچە جیاجیاکان کوردستانی ڕۆژهەڵاتی تەنیوەتەوە، دروستکردنی نوکتەیە بە سەر خەڵکی ناوچە جیاجیاکان کە بڵاوی دەکەنەوە و پاشان هەر شارەو بە سەر شارێکی تردا نوکتە هەڵدەدات.

زۆر روون و ئاشکرایە هەرچەند ناوچەکان بچوکتر بکرێنەوە ، زاڵبوون بە سەر ناوچەکەدا ئاسانتر دەبێت. ئەو دابەشکردنەش بە سوودی ئەو حکومەتە بوو و بە زیانی خەڵکی کوردستان و خودی کوردستان. تەنانەت بۆ ساردکردنەوەی بارودۆخی نەتەوەیی و سەرنجڕاکێشانی کورد ، ناوی یەکێك لە شەقامەکانی تاران-یان بە ناوی کوردستان ناو ناوە. ئەوەش تەنها لە بەر ئەوەیە کە بڵێن لە پایتەختی ئێراندا شەقامێك بە ناوی کوردستان هەیە و ئەوەش هێمای گرنگی پێدانی حکومەتە بۆ کورد و کوردستانیەکان.

سەیری ئەم دابەشکردنەی تر بکەین لە باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵات: شارەکانی مەهاباد و بۆکان و شنۆ و پیرانشار و سەردەشت و نەقەدە و مەیاندۆئاو و ورمێ و ... هتد کە هەموویان مێژوویەکی کوردستانیان هەیە و لە نەخشەی جیهانیداش لە بەشی کوردستاندان، ئەم شارانەیان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا داناوە. واتە خراونەتە پارێزگایەکی ئازەری زمان. کە خودی ئازەریەکانی ئێران لە ژێر زەبر و زۆری ئەو حکومەتەدان و هەرچەند جارێك لە ڕاگەیاندنەکاندا سووکایەتی بە ئازەریەکان دەکەن، بەڵام لەم نێوانەدا بۆ بێدەنگ کردنی بزووتنەوە بێدەنگ کراوەکەی دیمۆکراتی ئازەربایجان "جەعفەر پیشەوەری" ، حکومەت هات و شارە کوردیەکانی خستە بەشی پارێزگای ئازەربایجان تاکو ئازەریەکان هەست بە زاڵبوونێك بکەن بە سەر نەتەوەیەکی تردا کە زمانیان لە یەك ناچێت. لەو نێوانەشدا زاراوەی موکریانیان لە زاراوەی کرمانجی لای خوارەوە جیا کردووەتەوە، بە شێوەیەك کە تاکی کوردی باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات متمانەی بە خۆی نەمێنێت. دووجار بندەست دەبێت، یەکجاریان بندەستی خودی حکومەت دەبن، یەکجار تریان بندەستی نەتەوەیەکی تر دەبن کە ئەویش خۆی بندەستی حکومەتە. کە ئەو حکومەتەش خۆی لە خۆیدا بندەستی خورافە و دواکەوتوویەکی هەمیشەییە.

لە لایەکی ترەوە ئیتر ئازەربایجان داوای مافی خۆی ناکات چونکە پارێزگایەکی ئازەرییان داناوە و کوردیان خستووەتە ژێر دەستی ئەوان. پاشان خودی ئازەربایجانیەکانیان کردووەتە دوو پارێزگا: پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتدا لە شاری مەراغە کوردی تیایە. سیاسیەتێکی تری ئەم خستنە لای یەکی کورد و ئازەریەکان لە پارێزگایەکدا بە ناوی ئازەربایجان ئەوەیە کە هەر کات یەکێك لەو دوو نەتەوەیە بیەوێت (با)ی سەرهەڵدان و شۆڕش لە مێشکی هەڵسوڕێنێت، ئەویتریان بە دژی هاندەدەن تاکو سەرکوتی بکات.

ترسی زیاتری پەرەسەندنی خەباتی کوردستانی ، ناخی حکومەتی ئیسلامی تەنیەوە و بۆ زیاتر بەربەستکردنی کوردستانی پارچەکراو و دوورخراوە، تەنانەت پارێزگای خوراسان کە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی ئێران ، چەند شارێکی کوردنشینی تیایە و کەوتبوونە ناو خەباتی کوردستانی بوون. بۆ زاڵبوون و کونترۆڵکردنی ئەو خەڵکە و ئەو ناوچەیە ، پارێزگای خوراسان-یان بە سێ پارێزگا دابەش کرد کە شارە کوردیەکانی ئەو ناوچەیە هەر کامەیان بە سەر یەك لەو پارێزگایانەدا دابەش کراوە. وەکو شاری قووچان و بجنورد.

حکومەتی ئیسلامی ئێران بەوەشەوە رانەوەستاو دەستی کرد بە دانانی وشەی کلێشەدار لە سەر کوردستانی پارچەکانی تر، بۆ نموونە هەرگیز دان بەوە دانانێت بلێت هەرێمی کوردستان، لە هەواڵەکانی ناوخۆیی و سەتەلایتی و هەموو راگەیاندنەکانی دا دەڵێت "کوردستانی عێراق" یان "شوماڵی عێراق".

تەنانەت لەم دواییانەش دەبینین کە کاری لە سەر ئەوە کردووە هەورامان لە کوردستان دابڕێت و هەر ئەوە ماوە فتوا بدات کە هەورامان لە جوگرافیای کوردستان دا نیە. هەمیشە لە هەر بوار و لە هەر شوێنێك دا ئەگەر کەسێك بە بێ هەڵوێست بێت یان کەس خۆی بە خاوەنی نەکات، دەکەوێتە بەر شالاوی ستەمی دەوروبەر، ئنجا یەك نەتەوە، یان یەك جوگرافیا بەدەر نیە لەو چوارچێوەیە. هۆکاری زۆر هەیە بۆچی ئەوان بەو شێوەیە مەعامەلە لەگەڵ کوردستان دا دەکەن. ئێستا بە راستی کوردستانی رۆژهەڵات بندەستێکی تەواوە و بە بەردەوامی تەرزەی چەواشەکاری ئەو حکومەتە گەلاکانی دەوەرێنێت. ئەم جارە تەنها لە بواری سیاسەتی جوگرافیایی ئێران لە سەر کوردستانی رۆژهەڵات باسمان کرد. دوایی تەوەرەکانی تری ئەو بارودۆخە لە بوارە جیاجیاکاندا دەخەینەڕوو.